کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 23:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تاعونی چی بەرئەدەنە کوردستان!!؟؟؟ ... دلێر محمـــود سابیر**

ئەمڕۆ گەلانی جیهان ئەناڵێنن بە دەست دەردی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندەوە کە تا ئێستاش تێکڕای زاناکانی خەم خۆرانی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئەو نەخۆشیە، نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن کۆنترۆڵی ئەم دەردە کوشندەیە بکەن، یان بتوانن جێ پێ و ڕێ و شوێنی دیاری بکەن کە ئەبێ جەمسەری جمو جووڵەکەی لە کوێ وە بێت. ئەوە بێ گومان کێشەیەکە مەترسی زۆری بۆ هەموو گەلان درووست کردووە، خەڵکی هەوڵ ئەدات میکرۆبێ، ڤایرۆسێ کەمتر ڕوو لە وولاتەکەی بکات تا سنوورەکەی پێ بزانێ و زوو لێی بێتە دەست و چارە سەری بکات، کەچی ئێمەی کورد تازە بە تازە سەر باری بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ وەسیلە پێشکەوتووەکانی پاك کردنەوەی کەش و هەوای کوردستان، کەسانێك هەوڵی ئەوە ئەدەن کە پیس ترین دەردو تاعونی سەردەم بهێننە کوردستانەوە تا هێندەی تر مەناخەکەی کە خۆی لە خۆیدا نەماوە بۆگەن ترو پیس ترو ترسناك تری بکەن، ئەویش بە هێنانی لاکەی بۆگەنی لەعنەتی (علی کیمیاوی) بۆ شاری کوژراوی هەڵەبجەی چەند جار شەهید بە دەستی ئەو پۆخڵەواتانە، دڵنیا بن کە تاوانباری لەعنەتی بە ئاواتە لە هەڵەبجە



ئەتکیش بکرێت نەك هەر بە تەنها ئیعدام، چونکە پێی خۆشە بۆ دوا جار چاوی بە وێرانەی هەڵەبجە بکەوێتەوە و زەردە بیگرێ و لە ناخەوە پێمان بڵێ: ئۆخەی نەمردم جێگە پەنجەی خۆمم دی بۆ دوا جار ئە ئاواتان پێ ئەکەم دەسا ئێوەش چیتان لە دەست دێ ئاگا بە چڕی ئەوەی کە منێك (علی حەسەن مەجیدەکەی سالانی زوو) بە ئێوەم کرد، هەر مردن نیە؟؟ من لێرە ئیهانە ناکرێم وەك ئەوەی لە بەغدا بکرێم، چونکە ئەزانم کورد ڕۆحی ئینتیقامی نیە، جا وا باشە ئەو منەتەش نەکەن بە سەرماندا سبەینێ پێمان بڵێن: ئێوە ئەوتان ویست وا ئێمەش بەخشیمان بە ئێوە، نەخێر هەزار جار لەعنەت لە لاشەی بۆگەنی، لە هەر جێیەك لە ناوی ئەبەن ببەن بەڵام هەڵەبجە وەك بێ تاوانە با هەر بە بێ تاوان برینەکانی سارێژ بکات نەك ببێتە شاری تۆڵە سەندنەوە، لاکەی تۆپیوی با لە حزووری ئەوانەدا بێت کە زۆر موشتاقن هەل هەڵەو هۆسەی بۆ بکەن وەك ئەوەی لە مەڕ کابرای ئاغایان، لە هەڵەبجە بکرێ یان نەکرێ هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ چونکە نەمانی ئەو میکرۆبە چرکە ساتە وەختێکی زۆر کەمە، بەڵام مەدلولاتی خراپی بۆ هەتا هەتایە وەك لکەیەك بە ناوچەوانی هەڵەبجەو خەڵکەکەیەوە ئەمێنێتەوە و ئەتباعەکانیشی ئەو هەڵوێستە ئەقۆزنەوە وەك وەرەقەیەکی فشار لە ئایندەدا بۆ پەرچ دانەوە کارێکی خراپی بە دواوەیە، پێویستە ئێمە لەوان ژیرانە تر ڕەفتار بکەین و خالً نەدەین بە دەستەوە، چونکە سەرانی ڕژێم کەسیان لە کەسیان پیاو تر نەبوون، بەڵکو هەرە مەردەکەیان لە هەمویان نامەرد تر بوون، کامەیان دەستی سوور نەبوە بە خوێنی نەك هەر کورد خەڵکانی تریش لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێکهاتەی عێراق؟ کێشەی ئەم ئەوەبوو دیار بوو دەنا بە هەزاران جەللادی تریان کە ئەمڕۆ دەستی بالآیان هەیە لە تاوانەکانی ڕۆژانەی عێراقدا لە ژێر پەردەی جۆراو جۆر دا هەر ناسرەون، جا ئەوەی پێی باشە ڕیسوایەکی وا لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێ با داوای ئەوە بکات بە زیندوویی بۆ ساتە وەختێك لەو شار بیهێڵنەوە تا خەڵکی ئەو شارە تف و لەعنەتی بکەن تا بە چاوی خۆی ببینێ وەزنی چەندە لە کوردستان، چونکە لە سێدارە دانی ئازاری جەستەی بۆگەنی زوو دائەمرکێنێتەوە، بەڵام بەو شێوەیە، هەموو ئەو سەروەریانەی بە حسابی خۆی تۆماری کردووە بۆ ئاغای فەرماندەی لە گەڵ خۆی ئەخاتە ژێر گڵەوە، بۆیە من لە گەڵ ئەوەدا نیم لاکەیەکی تۆپیو میکرۆبی لە هەڵەبجەدا نەش و نما بکات، ئەو مادام بڕیاری لە سێدارە دانی لە سەر دراوە، لە کوێ ئەیکەن بە دارا بیکەن بەڵام خاکی ئێمەی پێ عەیب بارو میکرۆباوی نەکەن. ئاگاداریش بن لەوەی سبەینێ ناوی نەچێتە ڕیزی گەورە بە ناوبانگەکانی جیهان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.